بێرناد سمث

ئاو بۆ ژیان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئینگلیزی ـ کوردی

(ئاستی سەرەتا)

وەرگێڕانی: خالد غفار نامق

چاپی یەکەم

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى . عربي . فارسي)

Water for Life

ئاو بۆ ژیان

ئینگلیزی – کوردی

(ئاستی سەرەتا)

نوسینی :بێرناد سمپ

وەرگێڕانی:خالد غفار نامق

چاپی یەکەم

٢٠١٤

لەبلاّوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما

زنجیرە ٥٠٦

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ئاو بۆ ژیان (Water for Life)

نوسەر: بێرناد سمپ

وەرگێڕ: خالد غفار نامق

تایپ : وەرگێڕ

نەخشەسازی و بەرگ : فواد کەولۆسی

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠١٤

شوێنی چاپ: چاپخانەی کەنج

تیراژ: ١٠٠٠

ناونیشان

سلێمانی ـــ بازاڕی سلێمانی ـــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی وەرگێڕ:

فێربونی زمان یەکێکە لە خزمەتە گەورەکان بە کۆمەڵگەو دەوروبەر لە هەمو بوارێکدا. ئاشنا بون بە کلتوری وڵاتێك یان کۆمەڵگەیەك پێویستی بە فێربون و زانینی زمانە.وە ڕێگاکانی فێر بوونی زمان لە ڕۆژگاری ئێستادا زۆر ئاسان و سەرکەوتون.دەکرێت کەسێك لەڕێگەی تێکەڵاوی و کەسێکیش لەڕێگەی کتێبەوە یان هەر ڕێگەیەکی تر فێری زمان ببێت،بەڵام فێربونی زمان پێویستی بەوەش دەبێت لە زمانی نوسیندا شارەزاو زیرەك بیت بە هیوای خزمەت کردن بە خۆت و دەوروبەر،هەربۆیە کتێب یارمەتیدەرێکی باشە لە فێربونی زمانی نوسین.ناکرێت تەنها گرنگی بە بواری قسەکردن و گوێگرتن بدرێت لە زمان،بەڵکۆ دەبێت شان بەشانی ئەو دوانەش گرنگی بە نوسین و خوێندنەوە بدرێت. هەورەها خوێندنەوە یارمەتیدەرە لە وەبیرهێنانەوەی ئەو وشەو دەستەواژانەی پێشتر فێریان بویت کە ئێستا بیرت نەماوەو نایانزانیت.

لەم کتێبە بچوکەدا دەتوانی زمانی ئینگلیزییەکەت باشتر بکەیت کە تایبەتە بە ئاستی سەرەتا،بەڵام دەکرێت فێرخوازانی ئاستەکانی تریش

سودی لێوەربگرن و بیخوێننەوەو وشەی نوێی تیا دەربهێنن. ئەم کتێبە باس لە گرنگی ئاو دەکات بۆ ژیان، کە خۆی لە خۆیدا سەرنجڕاکێشە ئەگەر بەتەنها کوردییەکەشی بخوێنیتەوە چونکە بەڕاستی چێژ بەخشەو گرنگی و بایەخی ئاوت بۆ دەردەکەوێت کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ چەندین کەس دەنالێنن بە دەست کەمی ئاوی پاك و خواردنەوەوە.هەروەها وەرگێڕانەکەش بە پارچە پارچەیی کراوە واتە پارچە نوسینێکی چوار بۆ پێنج دێڕی ئینگلیزی لە خوارەوەیدا بۆ کوردی وەرگێڕدراوە و دەتوانیت زۆرترین سودی لێوەربگریت لە وشەو دەستەواژەو شێوازی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا،وە ئەو وشانەی پێشتر فێریان بویت لێرە دەتوانیت دەوریان بکەیتەوە بە خوێندنەوەی نوسینە ئینگلیزییەکە. هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی فێرخوازانی زمانی ئینگلیزیم کردبێت .

سەبارەت بە هەر هەڵەو ڕەخنەیەك لەم وەرگێڕانە دەتوانن پەیوەندیم پێوە بکەن لەڕێگەی ئەو ناونیشانانەی خوارەوە.

٢٤/٠٥/٢٠١٤

٠٧٧٠٣٥٥٤٦٤٣

khalid.namiq@yahoo.com

کەلار

Chapter one

Problems with water

Water we drink it. We cook with it. We wash with it. We can't live without it. It gives life to everything – to people, animals and plants. It is everywhere: in the seas, in the rivers, in the air and in our food. Most of us don't think about it very much. Water is there for us, in our kitchen and in our bathrooms, every day. But it is not there for everybody, and our world is changing fast. We have to think very carefully about water, and our use of it.

بەشی یەکەم

کێشەکانی ئاو

ئاو دەیخۆینەوە. چێشتی پێدەکەین. بۆ شوشتن بەکاری دەهێنین. ناتوانین بەبێ ئاو بژین. ئاو ژیان دەبەخشێت بە هەموو شتێك – بە خەڵکی،ئاژەڵان و ڕوەکەکان. ئاو لە هەموو شوێنێك هەیە: لە دەریاکان، لەناو ڕوبارەکان،لە هەوا و خواردنەکانمان. زۆربەمان زۆر بیر لە ئاو ناکەینەوە. هەموو ڕۆژێك ئاومان هەیە،لەناو مەتبەخ و گەرماوەکانمان. پێویستە زۆر بە وریاییەوە بیر بکەینەوە لە ئاو،وە لە شێوازی بەکارهێنانمان بۆ ئاو.

The world's weather

So what is happening? Cars, planes, factories and city life are making the world warmer every year. The air is warmer; our seas are warmer. This is causing changes to the weather round the world. Some cold countries are getting warmer. Some hot countries are getting hotter. Rainfall is changing everywhere.

ئاووهەوای جیهان

کەواتە چی ڕوو دەدات؟ ئۆتۆمبیلەکان، فڕۆکەکان،کارگەکان و ژیانی شار وا جیهان گەرمتر دەکەن هەمو ساڵێك. هەوا گەرمترە: دەریاکانمان گەرمترە. ئەمەش وادەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ئاو و هەوا لە دەوروبەری جیهاندا. هەندێ لە وڵاتە ساردەکان گەرم دەبن. هەندێ لە وڵاتە گەرمەکانیش گەرمتر دەبن. بارانبارین لە هەمو شوێنێك دەگۆڕێت.

Hurricane and floods

In many countries the warm air brings more rain and causes floods every year. Warmer air above warmer seas takes more water up into the air. This can cause hurricanes and typhoons. They begin over the seas and move quickly. When they get to land, they can be

very big. Strong winds and heavy rainfall hit cities. They often cause big waves at sea too. When these waves hit the land, there are bad floods. People die.

گەردەلول و لافاو

هەموو ساڵێك لە زۆر وڵاتدا هەوای گەرم بارانی زۆر دەهێنێت و دەبێتەهۆی لافاو. هەوای گەرمتر لەسەر دەریا گەرمترەکانەوە ئاوی زیاتر دەباتە ناو هەوا. ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆی گەردەلول و تۆفان. گەردەلول و تۆفان لەسەر ڕوی دەریاکانەوە دەست پێدەکەن و بەخێرایی دەجوڵێن. کاتێك دەگەن بە وشکانی، ئەوە دەکرێت زۆر گەورە بن. ڕەشەبا بەهێزەکان و بارانبارینی بەلێزمە شار دەگرێتەوە. هەروەها بە زۆری دەبنە هۆی شەپۆلی گەورە لە دەریادا. کاتێك ئەم شەپۆلانە لە وشکانی دەدات، ئەوە لافاوی خراپ دێت و خەڵکی دەمرن.

In August 2005, hurricane Katrina hit New Orleans in the United States and flooded 80% of the city. In some places the water was 6 metres high. More than 1,800 people died. Every year, more of Bangladesh is under water in the summer. In 1988, more than 3,000 people died in big floods, and 3,000,000 people lost their homes. In 1991, nearly

140,000 people died when 4.5 metre waves hit the land.

لە ئابی ٢٠٠٥، گەردەلولی (کاترینا) ڕوێکردە (نیو ئۆرلێنز) لە وێلایەتە یەگگرتوەکان و بەڕێژەی ٨٠٪ ی شارەکە بەر لافاو کەوت. لە هەندێ شوێندا ئاوی لافاوەکە شەش مەتر بەرز بوو. زیاد لە هەزارو هەشت سەد (١٨٠٠) کەس مرد. هەموو ساڵێك بەشێکی زۆری بەنگلادش دەکەوێتە ژێر ئاوەوە لە وەرزی هاوین.لەساڵی ١٩٨٨، زیاد لە سێ هەزار (٣٠٠٠) کەس بەهۆی لافاوە گەورەکانەوە مردن، و سێ ملیۆن (٣,٠٠٠,٠٠٠) کەسیش ئاوارەو بێ ماڵ بون. لەساڵی ١٩٩١، نزیکەی سەدو چل هەزار (١٤٠,٠٠٠) کەس مردن کاتێك شەپۆلی ئاوەکە بە بەرزی چوار مەترو نیو (٤,٥م) هاتە سەر وشکانی.

Some places are now under water all the time, and a lot of people die from diseases. This flood water is dirty, of course, and it goes into the ground water. There is water everywhere, but the Bangladeshis can't drink it.

هەندێ شوێن ئێستاکە هەمو کات لە ژێر ئاودایە،و خەڵکێکی زۆریش دەمرن بە هۆی نەخۆشییەوە. ئەم ئاوی لافاوە پیسە،وە بەدڵنیاییەوە، ئەم ئاوی لافاوە دەڕواتە ناو ئاوی ژێر زەوییەوە. لەهەموو شوێنێك ئاو هەیە،بەڵام بەنگلادشییەکان ناتوانن ئەم ئاوە بخۆنەوە.

گەردەلولی کاترینا بوەتە هۆی لافاو لە نیوئۆرلیێنز

Not enough rain

In other countries the problem is not too much rain but not enough. There isn't as much rain as before, and there are long droughts. Fires start easily because trees are very dry. The fires quickly get bigger and more dangerous.

نەبونی بارانی پێویست

لە ولاتانی تردا کێشەکە بارانی زۆر نیە بەڵکۆ نەبونی بارانە بەپێی پێویست. باران بارین وەکو پێشتر نیە،وە بۆیە وشکەسالّی درێژخایەن

هەیە. ئاگرەکان بە ئاسانی دەست پێدەکەن چونکە دارستانەکان زۆر وشکن. ئاگرەکان بەخێرایی گەورەتر و ترسناکتر دەبن.

We can see these changes now. Australia has a drought nearly every year. The big rivers in the south – west are often dry. Dangerous fires start every summer near the cities of Sydney and Melbourne in the south east, and the air in the cities is black with smoke. In the south of France and Spain too, there are droughts most summers, and there are often big fires.

ئێستا دەتوانین ئەم گۆڕانکارییانە ببینین. ئوستڕالیا هەموسالێك بەڕێژەیەکی زۆر وشکەسالّی هەیە. ڕووبارە گەورەکانی ڕۆژئاوای باشور بەزۆری وشکن.ئاگرە مەترسیدارەکان هەموو هاوینێك دەست پێدەکەن لە نزیکی شارەکانی سدنی و میّلبۆرن لە ڕۆژهەلاّتی باشوردا،و هەوای شارەکان ڕەش و دوکەلاّوین.هەروەها لە باشوری فەرەنسا و ئیسپانیا زۆربەی کات لە هاویناندا وشکەسالّی هەیە،وە بەزۆری ئاگری گەورە دەکەوێتەوە.

Problems of ice and snow

At the same time, the ice in the north and south of the world is melting, so seas everywhere are slowly getting higher. The ice is melting fast. In 1980, Arctic ice was about 5 metres thick. Now it is only about 3 metres in some places. The people of the Arctic countries are losing their food and their homes. In many places the ice is too dangerous - they can't walk on it. Animals and birds are also losing their food. Many of them are dying.

کێشەکانی سەهۆڵ و بەفر

لەهەمان کاتدا،سەهۆڵی باکور و باشوری جیهان دەتوێتەوە،بۆیە ئاوی دەریاکان بەهێواشی بەرزتر دەبنەوە. سەهۆڵەکان بەخێرایی دەتوێنەوە. لەساڵی ١٩٨٠،سەهۆڵی تەوەری باکوری زەوی نزیکەی پێنج (٥) مەتر ئەستور بوو. ئێستا تەنها نزیکەی سێ (٣) مەتر ئەستورە لە هەندێ شوێندا. خەڵکی وڵاتانی تەوەری باکوری زەوی خواردن و ماڵەکانیان لەدەست دەدەن. لە زۆر شوێندا سەهۆڵەکە زۆر مەترسیدارە — خەڵکی ناتوانن بەسەریدا بڕۆن. ئاژەڵان و باڵندەکانیش خواردنەکانیان لەدەست دەدەن و زۆربەشیان دەمرن.

Arctic animals are dying because they can't catch food.

ئاژەڵەکانی تەوەری باکووری زەوی دەمرن چونکە ناتوانن خۆراك بگرن و دەستیان بکەوێت.

In the mountains of the world, it is the same story. High mountains have snow and ice on them all year. The ice moves slowly down the mountains and melts into rivers. But the ice is melting higher up the mountains because the earth is getting slowly warmer. In the mountains of Switzerland, France and Italy, there is usually snow in December for winter sports. But the snow is arriving later every year. It only stays on the highest mountains now.

لەناو شاخەکانی جیهاندا بابەتەکە هەمان چیرۆکە. شاخە بەرزەکان هەموو ساڵێك بەفر و سەهۆڵیان لەسەرە. سەهۆڵەکە بەهێواشی لە شاخەکانەوە دەڕواتە خوارەوە و دەتوێتەوە بۆ ناو ڕووبارەکان.بەڵام سەهۆڵەکە لە سەر بەرزایی شاخەکانەوە دەتوێتەوە چونکە زەوی بەهێواشی گەرمتر دەبێت. لە شاخەکانی سویسرا و فەرەنساو ئیتاڵیادا زۆربەی کات لە مانگی کانونی یەکەم بەفر هەیە بۆ وەرزشەکانی وەرزی زستان. بەڵام هەموو ساڵێك بەفرەکە درەنگتر دەبارێت. بۆیە ئێستا بەفر تەنها لەسەر بەرزترین شاخەکان دەمێنێتەوە.

Higher seas

In 2000, the world's seas were about 30cm higher than in 1990. Some people say that in a hundred years from now the seas will be a metre higher. The ice in the Arctic and Antarctic is melting faster every year. Some people think that without the ice on Greenland, the seas will one day be seven metres higher.

دەریا بەرزترەکان (قوڵترەکان)

لەساڵی ٢٠٠٠ دەریاکانی جیهان نزیکەی ٣٠ سم بەرزتر بوون لەچاو دەریاکانی ساڵی ١٩٩٠.هەندێ خەڵك دەڵێن لە ئێستاوە تاکو سەد ساڵێتر دەریاکان مەترێك بەرزتر دەبنەوە.هەموو ساڵێك سەهۆڵی جەمسەری

باکوری زەوی و جەمسەری باشوری زەوی خێراتر دەتوێتەوە.هەندێ خەڵکی پێیان وایە کە بەبێ سەهۆڵ لە گرینلاند، ڕۆژێك دێت دەریاکان هەوت مەتر بەرزتر دەبنەوە.

How will that change our world? Countries will get smaller. When the sea is a metre higher, cities near the sea will be under water. Venice and most of London, Shanghai and New York will go. Much of the Netherlands and the Maldives will go too; about 80% of the land in the Maldives is only a metre above the sea. Bangladesh will lose 15% of its land, and 13,000,000 people will have to move. In Japan, 2,340 square kilometres of land will be under water and 4,000,000 people will lose their homes.

ئەو ڕوداوە چۆن ژیانمان دەگۆڕێت؟ ولاتان بچوکتر دەبنەوە.کاتێك دەریا مەترێك بەرزتر دەبێت، شارەکانی نزیك دەریاکە دەکەونە ژێر ئاوەوە. شاری ڤینسیا و زۆربەی بەشەکانی شاری لەندەن و شانغای و نیویۆرك بەهۆی ئاوەوە نامێنن و ژێر ئاو دەکەون.بەشێکی زۆری نێزەلاند و مالدیڤیش ژێر ئاو دەکەون: نزیکەی ٨٠٪ی خاکی مالدیڤ تەنها مەترێك لەسەر ئاستی ڕوی دەریاوە بەرزە. بەنگلادش بەڕێژەی ١٥٪ی خاکەکەی لەدەست دەدات، و ١٣,٠٠٠,٠٠٠ خەڵکیش دەبێت شوێنی خۆیان چۆڵ

بکەن و بڕۆن. لە یابان ٢,٣٤٠ کێلۆمەتری دوجا وشکانی دەکەوێتە ژێر ئاوەوە و ٤,٠٠٠,٠٠٠ کەسیش ئاوارە و بێ ماڵ دەبن.

Weather and food

Weather changes cause problems for farmers. We need food, and our food comes from farms. Plants and animals on those farms need water, of course – a lot of water. When there is a drought, plants and animals die. Then people have no food. When there are floods, they can also kill plants and animals. Again people have no food - and they can't drink the dirty ground water.

ئاوهەواو خۆراك

گۆڕانکاری ئاووهەوا کێشە بۆ جوتیاران دروست دەکات. پێویستمان بە خواردن هەیە،و خۆراکەکانیشمان لە لای جوتیارانەوە دێت. ڕووەکەکان و ئاژەڵانی ئەو کێڵگانەش پێویستیان بە ئاوە، بەدڵنیاییەوە، ئاوێکی زۆریان پێویستە. کاتێك وشکەسالّی سەرهەڵدەدات، ڕووەکەکان و ئاژەڵان لەناو دەچن و دەمرن. ئینجا خەڵکی خۆراکیان نامێنێت. کاتێك لافاو دێت،ئەو لافاوە دەتوانێت ڕووەکەکان و ئاژەڵانیش لەناو ببات. دوبارە خەڵکی خۆراکیان دەست ناکەوێت — و ناشتوانن ئاوە پیسەکەی ژێر زەوی بخۆنەوە کە لافاو پیسی کردوە.

Our future

When floods and droughts happen only from time to time, people can usually live to the next year. They can get help from others, richer countries. But when there are floods every year, there is no answer. People have to move or die. Some people say that there will be big problems in the future. Countries will fight about water. We know that the world is getting warmer. We know that our weather is changing. We have to do something before it is too late.

داهاتومان

کاتێك لافاو و وشکەسالّی تەنها لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر سەرهەڵدەدەن،ئەوە خەڵکی زۆرجار دەتوانن بۆ سالّی ئایندە بژین. خەڵکەکە دەتوانن یارمەتی لە کەسانی ترەوە وەربگرن،هەروەها لە وڵاتە دەوڵەمەندترەکانیشەوە. بەڵام کاتێك هەموو سالّێك لافاو دێت،ئەوە هیچ چارەسەرێك نیە. خەڵکی دەبێت بڕۆن یان دەمرن. هەندێ خەڵکی دەڵێن کە لە داهاتودا کێشەی گەورە دێتە ئاراوە. وڵاتان لەسەر ئاو شەڕ دەکەن. دەزانین کە جیهان گەرمتر دەبێت. دەزانین کە ئاوهەواکەمان لە گۆڕاندایە. پێویستە شتێك بکەین پێش ئەوەی کات زۆر درەنگ بێت.

Dirty water

But the weather isn't the cause of all problems with clean water. Many people in the world don’t have water in their homes. They have to walk for hours to the nearest well or river – and this water isn't always clean. About 80% of all the world's diseases come from dirty water. 10,000,000 people die every year from these diseases.

ئاوی پیس

بەڵام ئاوهەوا هۆکاری هەموو کێشەکانی ئاوی پاك نیە. زۆر خەڵك لە جیهاندا لە مالّەکانیان ئاویان نیە. ئەو خەڵکە دەبێت چەندین کاتژمێر بەپێ بڕۆن بۆ لای نزیکترین بیر یان ڕووبار — و ئەم ئاوەش هەمیشە پاك نیە. نزیکەی ٨٠٪ ی هەموو نەخۆشییەکانی جیهان لە ئاوی پیسەوە پەیدادەبن. هەمو ساڵێك ١٠,٠٠٠,٠٠٠ کەس بەم نەخۆشینانەوە دەمرن.

گەرانەومیەکی دوزو دریژ بەردو مالّەوە بۆ هێنانی ئاوی پاك

Every day, there are about 220,000 more people in the world, and they all need clean water. But about 600,000,000 people don't have enough water. For these people, water really is life. In a hundred years, our children's children will, perhaps, live in a very different world.

هەمو ڕۆژێك، نزیکەی ٢٢٠,٠٠٠ کەس هەن لە جیهاندا کە هەموویان ئاوی پاکیان پێویستە. بەڵام نزیکەی ٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠ کەس بە گوێرەی پێویست ئاویان نیە. لەڕاستیدا ئاو ژیانە بۆ ئەم خەڵکانە. لە ماوەی سەد ساڵی تردا، نەوەی نەوەکانمان لەوانەیە لە جیهانێکی زۆر جیاواز بژین.

Chapter two
A world of Water

Today about 10% of the world's people don't have enough water. In 2025, some people say, it will be 35%. Look at our earth, the third world from the sun. It is beautiful blue, with white in the north and south. Here and there, there are browns and greens. But most of it is blue, because about three quarters of it are water – great seas of water. The Pacific ocean has more than half of the world's water in it. Water is perhaps a better name for our world than earth.

بەشی دووەم

جیهانی ئاو

ئەمڕۆ نزیکەی ١٠٪ی خەڵکی جیهان بەگوێرەی پێویست ئاویان نیە. هەندێ خەڵکی دەڵێن لەسالّی ٢٠٢٥، ئەم ڕێژەیە دەبێتە ٣٥٪. تەماشای زەوییەکەمان بکە، کە جیهانی سێهەمە لە خۆرەوە. زەوی شین و جوانە کە ڕەنگی سپیشی تێدایە لە باکور و باشورەوە. لێرەو لەوێ، ڕەنگی قاوەیی و سەوزە. بەڵام زۆربەی بەشی زەوی شینە،چونکە نزیکەی سێ چارەکی زەوی

بریتیە لە ئاو – واتە دەریا مەزنەکانی ئاو. ئۆقیانوسی هێمن زیاد لە نیوەی ئاوی جیهانی لە خۆ گرتوە. ئاو لەوانەیە ناوێکی باشتر بێت بۆ جیهانەکەمان لەچاو وشەی زەوی.

زەویيەکەمان، شێدار و جوانە

The large white places are ice – the Arctic in the north and the Antarctica in the south. When you stand on the ice in the Antarctic, in some places there are four kilometres of ice below your feet. 90% of the world's ice is in the Antarctic. In the Arctic it is different. The ice is a great, thin, flat plate, and it floats on the sea.

ناوچە سپییە بەرفراوانەکان سەهۆڵن – لە جەمسەری باکور و باشوری زەوی. کاتێك لەسەر سەهۆڵ دەوەستیتە سەرپێ لە جەمسەری باشوری

زەوی، ئەوە لە هەندێ شوێندا سەهۆڵی ژێر پێت چوار کیلۆمەتر دەبێت. ٩٠٪ی سەهۆڵی جیهان لە جەمسەری باشوری زەوییە.بەڵام لە جەمسەری باکوردا جیاوازە.سەهۆڵەکە گەورەو تەنک و تەختە،و دەکەوێتە سەر ڕووی دەریاکەوە.

But Greenland is a large country in the Arctic and the ice on it is two kilometres thick. There is also on high mountains everywhere. This ice is fresh water, but the world's seas are salty. This is important because we, the people on earth, can't live without fresh water. We can't drink water from the seas.

بەڵام گرینلاند وڵاتێکی گەورەیە لە جەمسەری باکور و سەهۆڵەکەی دوو کیلۆمەتر ئەستورە.هەروەها لە سەر شاخەکانیش لە هەموو شوێنکدا سەهۆڵ هەیە.سەهۆڵ ئاوی سازگارە،بەڵام ئاوی دەریاکانی جیهان سوێرە. ئەمەش گرنگە چونکە ئێمەی خەڵکی سەر زەوی،ناتوانین بەبێ ئاوی سازگار بژین. ناتوانین ئاوی دەریاکان بخۆینەوە.

Where is the fresh water?

So what is the problem? There is a lot of water on the earth. There are rivers. There are big

lakes. There is rain. But think about it. Let's put the world's water into a hundred very big glasses. Ninety seven of those glasses have salt water from the seas in them.

ئاوی سازگار لە کوێیە؟

کەواتە کێشەکە چییە؟ ئاوێکی زۆر لەسەر زەوی هەیە. ڕووبارو دەریاچەی گەورە هەن.باران هەیە.بەڵام بیری لێبکەرەوە. با ئاوی جیهان بکەینە نێو سەد پەرداخی زۆر گەورەوە. نەوەد و حەوت لەو پەرداخانە ئاوی سوێری دەریاکانیان تێدایە.

That leaves us only three glasses of fresh water. But two of these three glasses are the ice in the north and the south. And that leaves only one glass. More than half of the water in that glass is somewhat under the ground, and a lot of other water is too dirty. We can drink only about 0.05% of the earth's water.

بەوەش تەنها سێ پەرداخ ئاوی سازگارمان بۆ دەمێنێتەوە.بەڵام دووان لەم سێ پەرداخەش بریتین لە سەهۆڵی باکور و باشور. بۆیە تەنها یەك پەرداخ دەمێنێتەوە. زیاد لە نیوەی ئاوی ئەو یەك پەرداخەش تارادەیەك لە ژێر زەویدایە،و بڕێکی زۆری ئاوەکەی تریش زۆر پیسە. بۆیە دەتوانین تەنها نزیکەی ٠,٠٥٪ ی ئاوی سەر زەوی بخۆینەوە.

تەنها نیو پەرداخ ئاوی سازگار هەیە لە پەرداخێکی پڕ ئاودا

More people, more problems

This doesn't change – there is no new water. But every year there are about 80,000,000 more people on our earth and they all need clean fresh water. Today about 10% of the world's people don't have enough water. In 2025, some people say, it will be 35%.

خەڵکێکی زۆر،کێشەی زۆر

ئەمە ناگۆڕێت — هیچ ئاوی تازەش نیە. بەڵام هەمو ساڵێك نزیکەی ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ کەس لەسەر زەوییەکەمان هەن کە هەمویان پێویستیان بە ئاوی سازگار هەیە.ئەمڕۆ نزیکەی ١٠٪ دانیشتوانی جیهان بەگوێرەی

پێویست ئاویان نیە. هەندێ خەڵکی دەڵێن لەسالّی ٢٠٢٥، ئەم ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ ٣٥٪.

The biggest problems are now in Africa and the middle East. But India, Pakistan and China have large numbers of people and these countries are trying to make plan for the future. We don't need water only for people in their homes, of course. Farms and factories use a lot of water – more than homes. But people need food and work.

گەورەترینی کێشەکانی ئاو ئێستا لە ئەفریقا و ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست دایە.بەلاّم هندستان و پاکستان و چین دانیشتوانێکی زۆریان هەیە و ئەم وڵاتانەش هەوڵ دەدەن پلانێك بۆ داهاتو دابنێن.بێگومان پێویستمان بە ئاو نیە تەنها بۆ خەڵکی لەناو ماڵەکانیان .بەڵکۆ کێڵگەکان و کارگەکان بڕێکی زۆر ئاو بەکاردەهێنن – کە زۆر زیاتر لە ماڵەکان ئاو بەکاردەهێنن.بەلاّم خەڵکی پێویستیان بە خۆراك و ئیش هەیە.

The use of water in the world goes up each year by about 3%, but the number of people in the world goes up by between 1% and 2%. Some countries are using 4% - 8% more water

every year. This will have to stop. Pollution is another big problem. Cities, farms and factories are all polluting the fresh water in rivers and lakes, so people can't drink it.

بەکارهێنانی ئاو لە جیهاندا هەموو ساڵێك بە ڕێژەی ٣٪ بەرز دەبێتەوە،بەڵام ژمارەی خەڵکی لە جیهاندا بەڕێژەی لەنێوان ١٪ و ٢٪ زیاد دەکات. هەندێ وڵات هەموو ساڵێك بەڕێژەی ٤٪ - ٨٪ ئاوی زیاتر بەکاردەهێنن. ئەمە پێویستە بوەستێت. پیس بوونی ژینگە کێشەیەکی گەورەی تڕە. شارەکان،کێڵگەکان و کارگەکان هەموویان ئاوی سازگاری ڕوبارەکان و دەریاچەکان پیس دەکەن،بۆیە خەڵکیش ناتوانن ئەو ئاوە بخۆنەوە.

We live the first nine months of our lives in water, inside our mothers. When we are born, we come into the air. But we carry about 40 litres of water with us all the time, inside us. Without it, we die quite quickly. Every day we lose about 2½ litres. When the weather is hot, we lose more water, and faster. And we have to put it back. Only about half of this water comes from drinking. The other half comes from our food.

نۆ مانگی سەرەتای ژیانمان لەناو ئاو دەژین،واتە لەناو سکی دایکمان.کاتێك لەدایك دەبین،دێینە ناو هەوا.بەڵام نزیکەی ٤٠ لتر ئاو هەڵدەگرین لەناو لەشمان.بەبێ ئەو بڕە ئاوە تاڕادەیەك بەخێرایی دەمرین. هەموو ڕۆژێك نزیکەی 2½ لتر ئاو لەدەست دەدەین. کاتێك ئاووهەوا گەرمە،خێراتر ئاوێکی زیاتر لەدەست دەدەین.وە پێوستە ئەو بڕە ئاوە بگەڕێنینەوە.تەنها نزیکەی نیوەی ئەم ئاوە لە خواردنەوەوە دێت.نیوەکەی تری لە خواردن دێت.



یەکەمین نۆ مانگی تەمەنمان لەناو ئاو دەژین(لە سکی دایکمان)

Water from food

There is a lot of water in food. When you eat a chicken, three quarters of the meat is water. Many kinds of fruit and vegetables, and eggs are nearly all water. When we cook our food in water, that gives us more.

ئاو لە خواردندا

بڕێکی زۆر ئاو هەیە لەناو خواردن.کاتێك گۆشتی مریشك دەخوێیت،ئەوە سێ چارەکی گۆشتەکەی بریتیە لە ئاو. زۆر جۆری میوەو سەوزەو هێلکە هەن کە هەموویان ڕێژەیەکی زۆر ئاویان تێدایە.کاتێك بە ئاو چێشتەکەمان لێدەنێین،ئەوە ئاوێکی زیاترمان پێدەبەخشێت.



Doctors say that we can live for about three months without food. But we can only live for about a week without food and water. When we are working hard in hot, dry weather, we can die in hours. We die after we lose a quarter of the water inside us. But our water has to be fresh and clean before we can drink it. Salt water will make us very ill. Dirty water can give us diseases. We need about 2½ litres of clean, fresh water every day.

دکتۆرەکان دەڵێن کە دەتوانین بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ بەبێ خواردن بژین.بەڵام تەنها بۆ ماوەی نزیکەی هەفتەیەك دەتوانین بەبێ خواردن و ئاو بژین. کاتێك لەکاتی ئاووهەوای گەرم و وشك ئیش دەکەین،ئەوە دەکرێت بەبێ ئاو خواردنەوە لەماوەی چەند کاتژمێرێك بمرین.دەمرین پاش ئەوەی چارەکێکی ئەو ئاوەی لەناو لەشمانە لەدەستی بدەین. بەڵام ئاوەکەمان پێویستە سازگار و پاك بێت پێش ئەوەی بتوانین بیخۆینەوە. ئاوی سوێر زۆر نەخۆشمان دەکات.ئاوی پیس دەتوانێت زۆر نەخۆشیمان توش بکات.هەموو ڕۆژێك لەشمان نزیکەی (2½) لتری ئاوی پاك و سازگاری پێویستە.

Chapter three
Fresh Water from Rain

Everybody has to have clean water. So where does it come from? It comes, of course, from rain. But there are always problems with rain. In some places it doesn't rain for months; in other places – or in the same places – it suddenly rains for days.

بەشی سێهەم

ئاوی سازگار لە باراندا

هەموو کەسێك پێویستە ئاوی پاکی هەبێت.کەواتە ئەم ئاوە پاکە لە کوێوە دێت؟ بەدڵنیاییەوە ئەم ئاوە پاکە لە بارانەوە دێت.بەڵام هەمیشە کێشە هەیە لەگەڵ باراندا. لە هەندێ شوێندا بۆ ماوەی چەند مانگێکی زۆر باران نابارێت: لە شوێنەکانی تر – یان لەهەمان ئەو شوێنانە – لەناکاوە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ باران دەبارێت.

In countries across the centre of Africa and in south Asia, heavy rain usually starts to fall in the middle of June. It rains every day for two or three months and there are floods. But farmers can then use the land. In the other

months of the year there is not much rain. It is very hot and dry and there is not enough water. In some places in north Africa and the west of Australia, it doesn't rain for years.

لە ولاتانی ئەمپەڕ بۆ ئەوپەڕی ناوەڕاستی ئەفریقا و ئاسیای باشور،بارانی بەلێزمە بەزۆری لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیران دەست پێدەکات. هەموو ڕۆژێك بۆ ماوەی دوو یان سێ مانگ باران دەبارێت و لافاویش دێت. بەڵام جوتیارەکان دەتوانن خاکەکە بەکاربهێنن بۆ کشتوکاڵ. لە مانگەکانی تری ساڵدا بارانی زۆر نیە. بۆیە ئاوهەوا زۆر گەرم و وشکەو بە گوێرەی پێویستیش ئاو نیە.لە هەندێ ناوچەی باکوری ئەفریقاو ڕۆژئاوای ئوستڕالیا، بۆ ماوەی چەند ساڵێك باران نابارێت.

For every person in Europe and the United States, 3000 to 6000 litres of rain falls every day. But it doesn't always fall in the right places. A lot of it falls in mountains, and most people don't live in the mountains. The rain water runs into the ground or into rivers, and the rivers take it away to the sea. We also lose a lot of rain because it falls in the sea.

هەموو ڕۆژێك بۆ هەموو کەسێك لە ئەوروپاو ویلایەتە یەگگرتوەکان ٣٠٠٠ بۆ ٦٠٠٠ لتر باران دەبارێت.بەڵام هەمیشە لە شوێنە گونجاوەکان نابارێت. بڕێکی زۆری بارانەکە لە شاخەکان دەبارێت،و زۆربەی خەڵکیش

لەناو شاخەکان ناژین. ئاوی بازنەکە دەچێتە ژێر زەوی یان نێو ڕووبارەکان،و ڕووبارەکانیش ئەم ئاوی بارانە دەگوازنەوە بۆ دەریاکان. هەروەها بڕێکی زۆر باران لەدەست دەدەین چونکە دەچێتە نێو دەریاکانەوە.

Why does it rain?

There is always water in the air. When you put wet clothes out in warm air, they get dry. After it rains on the roads, a lot of the water goes up into the air. You can see it. This happens because the sun is taking the water from the ground into the air. The air takes up water from the seas too, and this water is fresh, not salty. The salt stays in the sea. Warm air can carry more water than cold air. When the air gets colder, it starts to lose the water. Then we see clouds.

بۆچی باران دەبارێت؟

هەمیشە ئاو لە هەوا هەیە. کاتێك جلی تەڕ دادەنێیت لە کەش و هەوایەکی گەرم،ئەوە وشك دەبنەوە. پاش ئەوەی باران دەبارێتە سەر ڕێگاوبانەکان،بڕێکی زۆری ئاوی بارانەکە دەبێتە هەڵم و بەرز دەبێتەوە بۆ ناو هەوا. دەتوانیت ئەم کردارە ببینیت.ئەم کردارە ڕوو دەدات چونکە خۆر ئاوەکە لە زەوییەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو هەوا. هەروەها هەوا ئاوی

دەریاکان بەرز دەکاتەوە بۆ ناو هەوا،و ئەم ئاوەش سازگارەو سوێر نیە.خوێ لەناو دەریاکان دەمێنێتەوە.هەوای گەرم لە هەوای ساردە ئاوی زیاتر دەگوازێتەوە. کاتێك هەوا ساردتر دەبێت، ئەوە دەست دەکات بە لەدەستدانی ئەو بڕە ئاوەی تێیدایە.پاشان ئەوکاتە هەور دەبینین.



سوڕی ئاو

The air moves in the wind. Then when warm air meets high ground, it goes higher. The warm air gets colder and the water in the air makes clouds. The clouds get colder and darker, and the water gets heavier. Then it starts to rain. When the air is very cold, it snows. Rain or snow falls to the ground and a lot of it runs into rivers. The rivers run into the sea. Then it all starts again.

هەوا لەناو با دەجوڵێت و دەڕوات. ئینجا کاتێك هەوای گەرم دەگاتە شوێنێکی بەرز، ئەوە بەرزتر دەبێتەوە. هەوا گەرمەکە ساردتر دەبێت و ئاوی ناو هەواکەش دەبێتەهوێ دروست بونی هەور. هەورەکانیش ساردتر و

تاریکتر دەبن،و ئاوەکەش قورستر دەبێت.پاش ئەوە دەست دەکات بە باران بارین.کاتێك هەوا زۆر سارد،بەفر دەبارێت. باران یان بەفر دەبارێتە سەر زەوی و بڕێکی زۆری ئاوی بەفرو بارانەکەش دەچێتە نێو ڕوبارەکانەوە. ڕوبارەکان دەڕژێنە نێو دەریاکان.ئینجا هەمویان دوبارە دەست پێدەکەنەوە.

Water in the air

When wet air meets something cold, water falls on it. Look at your car in the early morning, or the trees in your garden. After a cold night, everything is wet with fresh water from the air. This is clean water. In countries without much rain, they often drink this water. In Tunisia the weather is very dry, but in the early morning the ground is often wet. In some places people can plant fruit trees and the trees do well.

ئاو لە هەوادا

کاتێك هەوای گەرم دەگاتە شتێکی سارد،ئەوکات ئاو دەکەوێتە سەری. سەر لە بەیانیان تەماشای ئۆتۆمبیلەکەت بکە،یان تەماشای دارەکانی ناو باخچەکەت بکە. پاش شەوێکی سارد، هەموو شتێك تەڕەو ئاوێکی سازگاری ناو هەوای لەخۆ گرتوە.ئەمەش ئاوی پاکە. لە هەندێ ولاّتدا کە

بارانی کەمە، دانیشتوانەکەی بەزۆری ئەم ئاوە دەخۆنەوە. لە ولاتی تونس ئاوهەوا زۆر وشکە،بەلام لە سەر لەبەیانیاندا زەوی بەزۆری تەڕە.لە هەندێ شوێندا خەڵکی دەتوانن داری میوە بڕوێنن و دارەکانیش سەرکەوتو دەبن و بەرهەمی باشیان دەبێت.



ئاوی بەستو بەهۆی هەوای ساردی بەیانیان

Rain water – clean or dirty?

But is rain really water? Can we drink it? The answer is usually, yes. But think about the rain after it falls. Water in rivers and lakes is fresh, but it isn't always clean. Dirty water runs into them from cities, factories and farms. So we have to clean the water before we can drink it. Sometimes the air moves through smoke and dirty air above factories. Then the water in it gets dirty too. Later, when it falls, the rain can kill trees on the land and fish in lakes.

ئاوی باران – پاکە یان پیس؟

بەڵام ئایا باران لەڕاستیدا ئاوە؟ ئایا دەتوانین بیخۆینەوە؟ وەڵامەکەی زۆرجار بەڵێ یە.بەڵام بیر بکەرەوە لە باران پاش ئەوەی دەباریت.ئاوی ڕووبارەکان و دەریاچەکان سازگارە،بەڵام هەمیشە پاك نین.ئاوی پیسی شارەکان و کارگەکان و کێڵگەکان تێکەڵاوی دەبێت.بۆیە پێویستە ئاوەکە پاك بکەینەوە و بیپاڵێوین پێش ئەوەی بیخۆینەوە. هەندێجار هەوا دەجوڵێت و دەڕوات بەنێو دوکەڵ و هەوای پیسی سەرەوەی کارگەکان.پاشان ئاوی ناو هەواکەش پیس دەبێت.دواتر، کاتێك ئەم ئاوە دەبێتە باران،دەبێتەهۆی کوشتن و لەناوبردنی دارەکانی سەر زەوی و ماسی ناو دەریاچەکان.

Water from the ground

A lot of rain runs into the ground, not into rivers, and it stays there. When we find this ground water, we can pump it up. Usually it is clean and fresh. More than half of the water in European and North American homes and workplaces comes from ground water.

ئاوی ژێر زەوی

بڕێکی زۆری باران دەچێتە ژێر زەوییەوە، نەك نێو ڕوبارەکان،و لە ژێر زەوی دەمێنێتەوە.کاتێك ئەم ئاوی ژێر زەوییە دەدۆزینەوە،دەتوانین بە پەمپ بیهێنینە سەرەوە.زۆربەی کات ئاوی ژێر زەوی پاك و سازگارە. زیاد لە نیوەی ئاوی ماڵ و شوێنی کارکردنی ئەوروپا و ئەمەریکای باکور لە ژێر زەوییەوە دێت.



ئاوی ژێر زەوی بەزۆری سازگارو پاکە

Sometimes the water is only two or three metres under the ground; sometimes it is a long way down. In the hottest and driest countries of the world, ground water is very important. In the countries of north Africa there is very little of rain, but under the ground there are great lakes of fresh water.

هەندێجار ئاوەکە تەنها دوو مەتر یان سێ مەتر لەژێر زەوییەکەدایە" هەندێجاریش لە قولاّییەکی زۆر دایە.لەو ولاّتانەی جیهان کە گەرمترین و وشکترین ئاوهەوایان هەیە، ئاوی ژێر زەوی زۆر گرنگە. لە ولاّتانی ئەفریقای باکور بارانێکی زۆر کەم دەبارێت،بەلاّم لە ژێر زەوییدا دەریاچەی گەورەی ئاوی سازگار هەیە.

For hundreds of years, north Africa had rain, and the rain stayed under the ground. There were rivers, trees and a lot of people. Today, the people of north Africa pump this water up and use it. Saudi Arabia and other dry countries also use ground water. Drivers take it from the pumps to the small villages.

بۆ ماوەی سەدان ساڵ، ئەفریقای باکور بارانی هەبوو،و ئاوی بارانەکەش لە ژێر زەوی مایەوە. لە ئەفریقای باکور ڕووبار و دار و خەڵکێکی زۆر هەبوون.ئەمڕۆ، خەڵکی ئەفریقای باکور ئەم ئاوی ژێر زەوییە بە پەمپ دەهێننە سەرەوە و بەکاری دەهێنن. وڵاتی سعودیە و وڵاتە وشکەکانی تریش ئاوی ژێر زەوی بەکاردەهێنن. شۆفێرەکان ئاوەکە دەگوازنەوە لە پەمپەکانەوە بۆ گوندە بچوکەکان.

Water from wells

There is thirty times more water in ground water than in the world's rivers and lakes. People pump up ground water from old and new wells. Every year in the United States, there are 500,000 new wells. But ground water will not always be there. When it rains, some water goes back into the ground.

ئاوی بیرەکان

بڕی ئەو ئاوەی لە ژێر زەوی هەیە سی هێندەی ئاوی ڕووبارەکان و دەریاچەکانی جیهانە. خەڵکی بە پەمپ ئاوی ژێر زەوی لە بیرە کۆن و تازەکان دەهێننە دەرەوە. هەموو ساڵێك لە ویلایەتە یەگگرتووەکان، ٥٠٠,٠٠٠ بیری نوێ هەڵ دەکەنن.بەڵام ئاوی ژێر زەوی هەموجارێك لەو بیرانەدا نیە. کاتێك باران دەبارێت، هەندێ لە ئاوی بارانەکە دەگەڕێتەوە بۆ نێو زەوییەکە.

But this happens slowly. Sometimes there is no water in the wells. The wells are dry. There are other problems too. Near the sea, salt water can run into the ground water. Then the wells are salty. More and more people need more and more water. One day, there will perhaps be no ground water in some countries, or it will be too dirty for them.

بەڵام ئەم کردارە بە هێواشی ڕوو دەدات. هەندێجار لە بیرەکاندا هیچ ئاویان تێدا نیە.بیرەکان وشکن.هەروەها کێشەی تریش هەیە.لە نزیك دەریاکانەوە،ئاوی سوێر دەچێتە نێو ئاوی ژێر زەوییەوە.ئینجا ئاوی بیرەکان سوێر دەبن. خەڵکانێکی زۆر و زیاتریش پێویستیان بە ئاوی زۆر و زیاتر دەبێت. ڕۆژێك دێت،کە لەوانەیە ئاوی ژێر زەوی نەمێنێت لە هەندێ وڵاتدا،یان زۆر پیس بێت بۆ ئەو وڵاتانەو دانیشتوانەکانیان.

Chapter 4
Lessons from the Past

When there were more people on earth, some moved away from the rivers. They learned about ground water. For thousands of years, people made their homes next to rivers. They had to have fresh water for people, plants and animals. When rain didn't fall, a river always gave them water. The first people with towns and farms lived in Mesopotamia (now Iraq), between the Tigris and the Euphrates rivers.

بەشی چوارەم

وانەکان لە ڕابردووەوە

کاتێك خەڵێکی زۆر هەبوون لەسەر زەوی،هەندێ لەو خەڵکە لە ڕووبارەکان دوور کەوتنەوە.ئەو خەڵکە سەبارەت بە ئاوی ژێر زەوی فێربوون.بۆ ماوەی هەزاران ساڵ دەبێت،خەڵکی ماڵەکانیان لە نزیك ڕووبارەکانەوە دروست کرد.ئەو ڕووبارانەش پێویست بوو ئاوی سازگاریان هەبێت بۆ خەڵك و ڕووەك و ئاژەڵان. کاتێك باران نەباری،ڕووبار هەمیشە ئاوی دەبەخشی بەو خەڵك و ڕووەك و ئاژەڵانە. یەکەمین خەڵکی کە شارۆچکەو کێڵگەیان هەبوو

لە ناوچەی میسۆپۆتامیا (عێراقی ئێستا) ژیاون،لە نێوان ڕووباری دیجلەو فورات.

The people of Egypt lived next to the River Nile because the river water made farming easy. Every year, after the rains in the mountains of Africa, the Nile flooded the land next to the river and made it good for farming. Farmers cut small waterways from the river across their land.

خەڵکی مصر لە نزیك ڕووباری نیل ژیاون چونکە ئاوی ڕووباری نیل کشتوکاڵکردنی ئاسان کرد. هەموو ساڵێك،پاش بارانبارین لە شاخەکانی ئەفریقا،ڕووباری نیل لافاوی دەهێنایە سەر ئەو وشکانییەی لە تەنیشت ڕووبارەکەدابو، وە لەباری دەکرد بۆ کشتوکاڵکردن. جوتیارەکان جۆگەلە ئاوی بچوکیان لە ڕووبارەکە دروست کرد لەمپەرِ بۆ ئەو پەڕی خاکەکەیان.

These carried water to the plants. Sometimes farmers made pumps. These pumped water out of the river and on to the farmland. They were small pumps and a man could work them. Later there were bigger pumps and an animal worked them.

ئەم جۆگەلانە ئاویان گواستۆتەوە بۆ ڕوەکەکان. هەندێجار جوتیارەکان پەمپیان دروست دەکرد.ئەم پەمپانە ئاویان هێناوەتە دەرەوە لە ڕوبار و گواستویانەتەوە بۆ خاکی کشتوکاڵی (کێڵگەکان).پەمپەکان بچوك بون و پیاوێك توانیویەتی کاریان پێبکات. دواتر پەمپەکان گەورەتر کران و بە ئاژەڵ کاریان پێدەکرا.

When there were more people on earth, some moved away from the rivers. They learned about ground water. They made wells and took fresh water from them for their animals and plants. In many countries people take their water from these same old wells today. They have to carry it to their homes on their heads or on the backs of their animals. Often they have to carry it for kilometres.

کاتێك خەڵکێکی زۆر لەسەر زەوی هەبوون،هەندێکیان لە ڕوبارەکان دورکەوتنەوە. ئەو خەڵکانە سەبارەت بە ئاوی ژێر زەوی شارەزا بوون.پاشان بیریان لێدا و ئاوی سازگاریان لێوە برد بۆ ئاژەڵ و ڕووەکەکانیان.ئەمڕۆ لە زۆر ولاتدا خەڵکی ئاوەکانیان لە هەمان ئەم بیرە کۆنانە دەبەن.ئەو خەڵکانە دەبێت بە سەریان یان لەسەر پشتی ئاژەڵەکانیان ئاوەکە بگوازنەوە بۆ ماڵەکانیان. ئەو خەڵکانە بەزۆری پێویستە چەند کیلۆمەترێك ئاوەکەیان بگوازنەوە و هەڵیبگرن.

بیرێکی کۆن لە وڵاتی نیجەر

The first waterways

In about 2500 BC (years before Christ was born), the people in Persia (now Iran) needed water for their farms. There was not much rain there. There were no rivers near their homes and farms, and the ground water and the wells were a long way away, near the mountains. So they moved the water from the mountains to their villages.

یەکەمین جۆگەئاوییەکان

نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ پێش لەدایك بوونی حەزرەتی عیسا ، خەڵکی لە وڵاتی فارس (ئێرانی ئێستا) پێویستیان بە ئاو هەبو بۆ کێڵگەکانیان.لە وڵاتی ئێران بارانبارین زۆر نەبوو. هیچ ڕوباریش نەبوو لە نزیكماڵ و کێڵگەکانیان،وە ئاوی ژێر زەوی و بیرەکانیش زۆر دوور بون،کە لە نزیك شاخەکانەوە بوون. بۆیە لە ئەنجامدا ئاوی ڕوبارو بیرەکانیان لەلای شاخەکانەوە گواستەوە بۆ گوندەکانیان.

First they went to the high ground and studied it carefully. They looked for wet ground or green plants – for a possible place for a well. When they found water, they made more

wells, dry wells, every 30 to 50 metres away from the first well. They called the first well the 'mother well'.

سەرەتا ئەو خەڵکە ڕۆشتن بۆڵای زەویە بەرزەکەو بە وریاییەوە لێی کۆڵینەوە.پاشان بەدوای زەوی تەڕ یان ڕوەکی سەوز گەڕان — بۆ شوێنێکی گونجاو یان بۆ بیرێك.کاتێك ئاویان دۆزییەوە، بیری زۆریان لێدا،بیری وشکیان لێدا کە هەر بیرێك ٣٠ بۆ ٥٠ مەتر لەبیری یەکەم دور بوو.بیری یەکەمیان ناونا "بیری دایك".

Then they made a way through the ground between the bottoms of the other wells. The wells got shorter and shorter and in the end they came out above the ground. Then the Persians carefully broke through to the bottom of the mother well.

ئینجا خەڵکەکە ڕێگایەکیان دروستکرد بەنێو زەوییەکە لەنێوان بنی بیرەکانی تردا.بیرەکان کورتتر و کورتتر بونەوەو لە کۆتاییدا هاتنە سەرەوەی زەوییەکە.ئینجا فارسەکان بە وریاییەوە بنی بیری دایکیان چارەسەر کرد.

This was dangerous because the mother well had water in it. But when they broke through, the water ran from well to well and out onto the land below. Then the Persians built a

waterway across the land and carried the water to their villages and farms. Some of these waterways were a hundred kilometres long.

ئەمەش مەترسیدار بوو چونکە بیری دایك ئاوی تێدابوو.بەڵام کاتێك فارسەکان چارەسەری بنی بیری دایکیان کرد،ئاوەکەی لە بیر بۆ بیر ڕۆشت و لە خوارەوەی بیرەکەوە هاتە سەر زەوییەکە. پاشان فارسەکان ئاوەڕێیەکیان دروستکرد لەمپەڕ بۆ ئەو پەڕی زەوییەکەو ئاوەکەیان گواستەوە بۆ گوند و کێڵگەکانیان.هەندێ لەم جۆگەئاوییانە سەد کیلۆمەتر درێژ بوون.



فەلەج یان قەنات ئاوی ژێر زەوی دەگوازێتەوە بۆ گوند و کێڵگەکان

These people didn't stay in Persia. They took their clever ideas to Arabia and built waterways there too. Three thousand years later, a lot of these waterways are working in Iran and Arabian countries. In Iran they call them *qanats*. There are thousands of kilometres of them there and three quarters of Iran's fresh water comes from them. In Arabia they call them *falajes*.

ئەم خەڵکانە لە وڵاتی فارس نەمانەوە.بەڵکو بیرۆکە زیرەکەکانیان برد بۆ ناوچە عەرەبییەکان و ئاوەڕێیان دروستکرد.لەپاش سێ هەزار ساڵ،بەشێکی زۆری ئەم جۆگەئاوییانە لە ئێران و وڵاتە عەرەبییەکانیش ماون و ئیش دەکەن. لە ئێران بەم جۆگەئاویانە دەڵێن قەناتەکان. هەزاران کیلۆمەتری جۆگەئاوییەکان لە ئێراندا هەن و سێ چارەکی ئاوی سازگاری ئێران لەو جۆگەئاوییانە دێت.لە ناوچە عەرەبییەکان بەو جۆگەئاوییانە دەڵێن فەلەجەکان.



فەلەج ژیان دەهێنێت بۆ وشکانی

In Oman, there are about 4,000 of these falajes. They are 25,000 years old, and working today. Some of them run for 10 km under the ground from the mother well. Then the clean fresh water from the mountains runs for 20 or 30 km through farms and villages.

لە عومان نزیکەی ٤٠٠٠ فەلەج هەیە.تەمەنی ئەو فەلەجانەش ٢٥٠٠٠ ساڵ دەبێت،و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا کار دەکەن.هەندێکیان ١٠ کیلۆمەتر لە بیری دایکەوە بەژێر زەویدا دەڕۆن.ئینجا ئاوە پاك و سازگارەکەش لە شاخەکانەوە بە ئەندازەی ٢٠ یان ٣٠ کیلۆمەتر بەنێو کێڵگەو گوندەکانەوە دەڕوات.

Five hundred years later, the Romans also used waterways, but in a bigger and better way. They brought fresh water from the Appenine Mountains to their cities. At one time there were nine waterways into the city of Rome. One of them, the Aqua Claudia, was 72 kilometres long.

پاش پێنج سەد ساڵ، ڕۆمەکانیش جۆگەی ئاوییان بەکارهێنا،بەڵام بە ڕێگایەکی گەورەتر و باشتر بەکاریان هێنا. ئاوی سازگاریان لە شاخەکانی ئاپەنینەوە هێنا بۆ شارەکانیان.لە یەك کاتدا نۆ جۆگەی ئاوی هەبوو بۆناو شاری ڕۆما. یەکێك لەو جۆگەئاوییانە، کە ناوی ئەکوا کلاودیە، ٧٢ کیلۆمەتر درێژ بوە.



The Aqua Claudia, near Rome in Italy

ئەکوا کلاودیە لە نزیك شاری ڕۆما لە ئیتاڵیا

The Romans took these ideas from Italy into other European countries. There are great Roman waterways today in France and Spain. The Pont du Gard brought water more than 50 km to the city of Nimes, in France. It is the highest Roman waterway in Europe. It has three bridges and is 49 metres high.

ڕۆمەکان ئەم بیرۆکانەیان لە ئیتالیاوە وەرگرت و بردیان بۆ وڵاتە ئەوروپییەکانی تر. ئەمڕۆ جۆگەی ئاویی زۆر گەورەی ڕۆمەکان لە فەرەنسا و ئیسپانیا هەیە. جۆگەی ئاوی پۆنت دو گاد لە دوری زیاد لە ٥٠ کیلۆمەترەوە ئاوی دەهێنا بۆ شاری نایمس لە فەرەنسا. پۆنت دو گاد بەرزترین جۆگەی ئاوی ڕۆمەکانە لە ئەوروپا. پۆنت دو گاد سێ پردی هەیە و ٤٩ مەتر بەرزە.

All cities have to have fresh water, and the water has to come from somewhere. Usually it comes from rivers, lakes and ground water. It runs into the cities through big waterways under the ground. Today, there are great waterways in every country in the world. They carry water, usually under the ground, to the people in every town and city.

هەموو شارەکان پێویستە ئاوی سازگاریان هەبێت،و ئاوەکەش پێویستە لە شوێنێکەوە بێت.بەزۆری ئاوە سازگارەکە لە ڕوبارەکان و دەریاچەکان و ئاوی ژێر زەوییەوە دێت.پاشان دەچێتە ناو شارەکان لەڕێگەی جۆگەئاوییە گەورەکانی ژێر زەوییەوە.ئەمڕۆ، لە هەموو ولاتێکی جیهاندا جۆگەی ئاوی مەزن هەیە. جۆگە ئاوییەکان بەزۆری لە ژێر زەوییەوە ئاو دەگوازنەوە بۆ خەڵکی هەموو شارۆچکەو شارێك.



پۆنت دو گاد، بەرزترین جۆگەی ئاویی ڕۆمەکان لە ئەوروپا

Chapter 5
Dams, Ice and Other Answers

We can't make more water. We can, perhaps, find new ground water. We can also stop polluting our fresh water and use it more carefully. But are there other answers to the problem of fresh water?

بەشی پێنجەم

بەنداوەکان،سەهۆڵ و وەڵام یان چارەسەری تر

ناتوانین ئاوی زیاتر دابین بکەین.لەوانەیە،بتوانین ئاوی تازەی ژێر زەوی بدۆزینەوە. هەروەها دەتوانین پیس بونی ئاوە سازگارەکەمان بوەستێنین و بە وریاییەوە بەکاری بهێنین. بەڵام ئایا چارەسەری تر هەیە بۆ کێشەی ئاوی سازگار؟

Dams

There is a lot of fresh water in rivers and lakes. In the end, this water runs into the sea and we lose it. But we can stop it going into the sea. The best way is a dam across a river; behind

the dam there is a big lake of fresh water. People are polluting more and more dams every year, and the new lakes give us more fresh water.

بەنداوەکان

بڕێکی زۆری ئاوی سازگار لە ڕوبارەکان و دەریاچەکان هەیە.لە کۆتاییدا، ئەم ئاوە دەڕواتە نێو دەریا و لەدەستی دەدەین. بەڵام دەتوانین ڕێگری بکەین لەم ئاوە سازگارە بچێتە نێو دەریا. باشترین ڕێگا بریتیە لە دروستکردنی بەنداوێك لەمپەڕ بۆ ئەو پەڕی ڕوبارێك: لە پشتی بەنداوەکەوە دەریاچەیەکی گەورەی ئاوی سازگار دروست دەبێت. هەموو ساڵێك خەڵکی بەنداوی زۆر و زیاتر پیس دەکەن،وە دەریاچە تازەکان ئاوی سازگاری زیاترمان پێدەبەخشن.

بەنداوی وانجیازای ئەسەر ڕووباری زێرە لە وانگی چین

The world's ice

The use of ice is another possible answer. Our Earth is always changing. It takes thousands of years but, very slowly, it gets colder or warmer. When it gets very cold, we call this 'ice age'. There is thick ice cover a lot of the Earth – not only in the Arctic and Antarctica. This ice is fresh water, from rain and snow; there is no salt in it.

سەهۆڵی جیهان

بەکارهێنانی سەهۆڵ چارەسەرێکی یان وەڵامێکی گونجاوی تِرە. زەوییەکەمان وا هەمیشە لە گۆڕاندایە. زەوی ساردتر یان گەرمتر دەبێت،

بەڵام زۆر بەهێواشی،کە هەزاران ساڵ دەخایەنێت. کاتێك ئاووهەوا زۆر سارد دەبێت،ئەوە بەو ماوەیە دەڵێین "چاخی سەهۆڵین". سەهۆڵی ئەستور لەسەر بەشێکی زۆری زەوی هەیە — نەك تەنها لە جەمسەری باکور و باشوری زەوی. ئەم سەهۆڵە ئاوی سازگارە،کە لەباران و بەفرەوە دێت: وە هیچ خوێ لەناو ئەو سەهۆڵەدا نیە.

Between the ice ages, the earth is very warm. There is very little ice and there are trees and green plants in the Arctic. We are living today about 10,000 years after the last small ice age. At that time, there was ice over most of the north of Europe. Now the weather is slowly getting warmer and the ice on the earth is melting.

زەوی زۆر گەرمە لەنێوان چاخە سەهۆڵینەکاندا. بڕێکی زۆر کەم سەهۆڵ هەیە،وە لە جەمسەری باکوری زەوی دارو ڕوەکی سەوز هەن. ئێمەی مرۆڤ ئەمڕۆ نزیکەی ١٠,٠٠٠ ساڵ دەبێت دەژین لەپاش چاخە کۆتاو کورتەکەی سەهۆڵین. لەو ماوەیەدا سەهۆڵ لەسەر زۆربەی بەشەکانی ئەوروپای باکور هەبوو.ئێستا ئاووهەوا بەهێواشی گەرمتر دەبێت و سەهۆڵی سەر زەویش دەتوێتەوە.

Do you remember our hundred glasses of water? Only three glasses had fresh water in

them. The other glasses had salt water from the seas. And in two of the three glasses of fresh water was the ice in the north and south of the earth. This ice is clean, fresh water.

سەد پەرداخە ئاوەکەمانت لەبیرە؟ تەنها سێ پەرداخ ئاو لە سەد پەرداخەکە ئاوی سازگاریان تێدابوو. پەرداخەکانی تر ئاوی سوێری دەریاکانی تێدابوو. وە لە ناو دوو پەرداخی سێ پەرداخە ئاوە سازگارەکەشدا سەهۆڵی باکور و باشوری زەوی هەبوو. ئەم سەهۆڵە پاکە و ئاوی سازگارە.

In the north and south

Usually, when things get colder, they get smaller. But when water changes to ice, it gets a little bigger. So ice floats on water. In the Arctic today, a large place of ice floats on the seas. It gets bigger in winter and smaller in summer, but in its thickest places it is only about five metres thick. There is a lot more ice on Greenland, a large country in the Arctic.

لە باکور و باشوردا

زۆرجار کاتێک شتەکان ساردتر دەبن،ئەوە لەوکاتەدا بچوک دەبنەوە.بەڵام کاتێک ئاو دەگۆڕێت و دەبێت بە سەهۆڵ،ئەوکاتە ئاوەکە کەمێک گەورەتر دەبێت.بۆیە سەهۆڵەکە سەر ئاو دەکەوێت. ئەمڕۆ لە جەمسەری باکوری

زەوی،ڕووبەرێکی فراوانی سەهۆڵ سەر ئاوی دەریاکان کەوتون. ئەم ناوچە سەهۆڵینە لە زستاندا گەورەتر دەبن و لە هاویندا بچوکتر دەبنەوە،بەڵام لە ئەستورترینی ناوچەکاندا سەهۆڵەکە تەنها نزیکەی پێنج مەتر ئەستورە. لە گرینلاند کە ولاتێکی گەورەی جەمسەری باکوری زەوییە، سەهۆڵێکی زۆر هەیە.

But most of the ice on the earth is in the south, in the Antarctic. Antarctica is land, not a sea. It is the coldest land on Earth. It has 90% of the world's ice and 70% of the world's fresh water. It is as big as the United States, and it gets bigger in the winter. In the summer, it gets smaller when a lot of the new ice melts.

بەڵام زۆرینەی سەهۆڵی سەر زەوی لە باشوری زەوییە لە ئەنتارکتیك. ئەنتارکتیکا وشکانیە نەك دەریا.ئەنتارکتیکا ساردترین خاکی وشکانی سەر زەوییە.ئەنتارکتیکا نزیکەی ٩٠٪ ی سەهۆڵی جیهان و ٧٠٪ی ئاوی‌سازگاری جیهانی تێدایە. ئەوەندەی ویلایەتە یەگگرتوەکان گەورەیە،و لە زستاندا گەورەتر دەبێت.لە وەرزی هاویندا بچوکتر دەبێت کاتێك بڕێکی زۆری سەهۆڵە تازەکە دەتوێتەوە.

There are mountains in Antarctica, and many are more than 2,000 metres high. The ice on

them is two or three kilometres thick, and it is all fresh water. It is very old, but very clean.

لە ئەنتارکتیکا شاخ هەیە،و بەرزی زۆرێك لە شاخەکان زیاد لە ٢٠٠٠ مەتر دەبێت.بەفری سەهۆڵاوی سەر شاخەکان دوو یان سێ کیلۆمەتر ئەستور دەبن،و هەمووشیان ئاوی سازگارن. مێژوی سەهۆڵەکان زۆر کۆنە بەڵام زۆر پاك و سازگارن.

Icebergs

In the spring and summer, when the ice begins to melt, it moves slowly down from the mountains. It breaks, and great thick mountains of ice float away. These icebergs can sometimes be dangerous for ships. Some icebergs are really big. One was 335 kilometres long and 97 kilometres wide – bigger than Belgium.

شاخە سەهۆڵینە سەر ئاوکەوتوەکان (بەستەڵەك)

لە بەهار و هاویندا،کاتێك سەهۆڵەکە دەست دەکات بە توانەوە،بەهێواشی لە شاخەکانەوە دێتە خوارەوە.بەفرەکە دەشکێت و شاخە سەهۆڵینە ئەستور و مەزنەکان سەر ئاو دەکەون و دور دەکەونەوە. هەندێجار ئەم شاخە سەهۆڵینانە دەکرێت ترسناك بن بۆ کەشتییەکان. هەندێ شاخی سەهۆڵینی

سەرئاوکەوتو زۆر گەورەن.یەکێك لە شاخە سەهۆڵینەکان ٣٣٥ کیلۆمەتر درێژ بو و ٩٧ کیلۆمەتریش پان بو – کە لە ولاتی بەلجیکا گەورەتر بو.



سەهۆڵبەندان دەشکێت و دەبێت بە شاخی سەهۆڵینی سەرئاوکەوتو

A lot of the ice in the south of the earth, about a third of it, is in the great 'ice shelves' round Antarctica. These shelves also break into icebergs. Some icebergs are green or blue. But when there is a little air in the ice, they are white.

برێکی زۆری بەفری باشوری زەوی کە نزیکەی سێ یەکی دەبێت لە شۆستە سەهۆڵینەکانە لەچوار دەوری ئەنتارکتیکا.هەروەها ئەم شۆستە

سەهۆڵینانە دەشکێن و دەبن بە شاخی سەهۆڵینی سەرئاوکەوتو. هەندێ بەستەڵەك سەوزن یان شین.بەڵام کاتێك هەوایەکی کەم لەناو بەفرەکە هەیە،ئەوکاتە شاخەسەهۆڵینەکان سپین.

In the north, many icebergs come from Greenland. They float down into the Atlantic in the summer months. When you see an iceberg in the sea, you only see its top. Nearly all of it is below the water.

لە باکوردا،بەشێکی زۆری شاخە سەهۆڵینە سەرئاوکەوتوەکان لە وڵاتی گرینلاند دێن.ئەو بەستەڵەکانە دەڕۆنە ناو زەریای ئەتڵەسی لە مانگەکانی هاویندا.کاتێك شاخێکی سەهۆڵین دەبینیت لە ناو دەریا،ئەوە تەنها لوتکەکەی دەبینیت.نزیکەی هەموو شاخە سەهۆڵینەکە لەژێرەوەی ئاوەکەدایە.



هەندێ شاخی سەهۆڵینی سەرئاوکەوتو زۆر گەورەن و بەشێی هەواوە زۆر سپی دەردەکەون

In April 1912, *the Titanic*, a great, new ship with 2,228 people on it, was on its way to the United States from Britain. It was the biggest ship in the world at that time. In the middle of the night it hit a big iceberg and in three hours it was at the bottom of the sea. More than 1,500 people died. Today, when ships go between Europe and the United States in the summer months, they move to the south, away from the Arctic. The journey is longer, but they don't meet icebergs.

لە مانگی نیسانی سالّی ١٩١٢،تایتانیك (بە واتای مەزن)، کەشتییەکی نوێ بوو کە ٢,٢٢٨ کەسی لەسەر بوو،بەڕێگاوە بوو لە بڕیتانیاوە بۆ ویلایەتە یەگگرتوەکان.تایتانیك لەوکاتەدا گەورەترین کەشتی بوو لە جیهان. لە نیوە شەودا کەشتی تایتانیك کێشای بە شاخێکی سەهۆڵینی سەر ئاوکەوتو و لە ماوەی سێ کاتژمێردا کەوتە بنی دەریاکەوە.زیاد لە ١,٥٠٠ کەس مرد.ئەمڕۆ کاتێك کەشتییەکان لە مانگەکانی هاویندا لە نێوان ئەورووپا و ویلایەتە یەگگرتوەکانەوە دەڕۆن،ئەوە بەرەو باشور دەڕۆن،دور لە جەمسەری باکور. گەشتەکە درێژخایەنترە،بەڵام چاویان بە شاخی سەهۆڵینی سەرئاوکەوتو ناکەوێت.



بەرکەوتنی کەشتی تایتانیک بە شاخێکی سەهۆڵین لە زەریای نەتڵەسی

The icebergs slowly melt in the sea, but they don't stay in one place. The winds and the seas move them, sometimes 25 km in a day. The icebergs can move across the seas for many years and can go thousands of kilometres. They slowly get smaller and smaller, but one iceberg from the south arrived near Rio De Janerio, a journey of 5,500 kilometres. And an iceberg from the north made a journey of 4,000 kilometres to Bermuda.

شاخە سەهۆڵینە سەر ئاوکەوتوەکان بەهێواشی دەتوێنەوە لەناو دەریا،بەڵام لە یەك شوێنی ناو دەریاکە نامێننەوە. با و دەریاکان شاخە سەهۆڵینەکان

دەجوڵێنن،هەندێجار لە ڕۆژێکدا ٢٥ کیلۆمەتر شاخەسەهۆڵینەکان دەجوڵێنن و دەیانگوازنەوە.شاخە سەهۆڵینەکان دەتوانن لەمپەر بۆ ئەو پەڕی دەریاکان بڕۆن بۆماوەی چەندین ساڵ و دەشتوانن هەزاران کیلۆمەتر بڕۆن بەنێو دەریا. شاخەسەهۆڵینە سەرئاوکەوتوەکان بە هێواشی بچوکتر دەبنەوە،بەڵام شاخێکی سەهۆڵین لە باشورەوە گەیشتە نزیك ڕیۆ دی جانەیرۆ،کە گەشتێکی ٥,٥٠٠ کیلۆمەتری بوو.وە شاخێکی سەهۆڵینی سەرئاوکەوتو لە باکورەوە گەشتێکی ٤٠٠٠ کیلۆمەتری کرد بەرەو بەرموودا.

Every year, thousands of icebergs leave the ice shelves in the Arctic and the Antarctic and float away across the seas. In every iceberg are thousands of litres of fresh, clean water.

هەموو ساڵێك هەزاران شاخی سەهۆڵینی سەرئاوکەوتو لە جەمسەری باکور و باشوری زەوی شۆستە سەهۆڵینەکان بەجێدەهێڵن و دور لەیەکتر سەر ئاو دەکەونە لەمپەڕ بۆ ئەوپەڕی دەریاکان.لە هەموو شاخێکی سەهۆڵینی سەر ئاوکەوتو هەزاران لتر ئاوی سازگارو پاك هەیە.

Fresh water from icebergs

In July 1977, thirty men met in Paris. They wanted to discuss possible answers to water problems. Can ships pull a large iceberg from the ice shelves in Antarctica to Saudi Arabia?

How big will it be when it gets there? Can people then use it for fresh water? This use of iceberg was not a new idea. The people of Peru did it before 1900. But the journey to Saudi Arabia is longer.

ئاوی سازگاری شاخە سەهۆڵینە سەر ئاوکەوتوەکان

لە تەموزی ١٩٧٧، سی پیاو چاویان بەیەك کەوت لە شاری پاریس.ئەو پیاوانە ویستیان چارەسەرە گونجاوەکانی کێشەکانی ئاو تاوتوێ بکەن. ئایا کەشتییەکان دەتوانن بەستەڵەکێکی گەورە ڕابکێشن لە شۆستە سەهۆڵینەکانی جەمسەری باشوری زەوی بۆ وڵاتی سعودیە؟ ئایا ئەو بەستەڵەکە چەند گەورە دەبێت کاتێك دەگاتە سعودیە؟ئینجا ئایا خەڵکی دەتوانن بۆ ئاوی سازگار بەکاری بهێنن؟ ئەم شێوازی بەکارهێنانەی بەستەڵەك بیرۆکەیەکی نوێ نەبوو.خەڵکی وڵاتی پیرۆ پێش ساڵی ١٩٠٠ ئەم کارەیان کرد.بەڵام گەشتەکە بەرەو سعودیە درێژترە.

They tried it. They pulled some icebergs to Saudi Arabia. It was difficult, slow and very expensive. After that, they stopped trying. The journey was too long and cost too much money.

ئەو کارەیان تاقیکردەوە.هەندێ بەستەڵەکیان ڕاکێشا بەرەو سعودیە.بەڵام کارێکی سەخت و هێواش و تێچونی زۆر بوو.پاشان،لە هەوڵدان وەستان.گەشتەکە زۆر درێژ بوو و پارەیەکی زۆریشی تێچوو.

But today, more than thirty years later, we really need more fresh water. In Australia there are more and more droughts. People are discussing this question again. The icebergs of Antarctica are quite near south Australia. Perhaps the journey will not be too long or expensive now.

بەڵام ئەمڕۆ لەڕاستیدا، پاش زیاد لە سی ساڵ،پێویستمان بە ئاوی پاکی زیاترە.لە ئوسترالیا وشکەساڵی زۆر و زیاتر هەیە.خەڵکی تاوتوێی ئەم پرسیارە دەکەنەوە.بەستەڵەکەکانی جەمسەری باشوری زەوی تارادەیەك نزیك باشوری ئوسترالیان.لەوانەیە ئێستا گەشتی گواستنەوەی بەستەڵەك زۆر درێژخایەن یان گران بەها نەبێت.



کەشتییەك شاخێکی سەهۆڵین ڕادەکێشێت کە کارێکی سەخت و خیراشە و تێچوونی زۆرە.

Rain from clouds

What other answers are there to the problem of fresh water? In some countries, when there is a

bad drought, they try to make rain. They fly aeroplanes with chemicals above clouds. When the chemicals fall into the clouds, they sometimes make rain. But first, you need clouds, and often there are no clouds in the sky. Also, it is expensive and does not always work.

باران لە هەورەکانەوە

چ وەڵامێکی (چارەسەرێکی) تر هەیە بۆ کێشەی ئاوی سازگار؟ لە هەندێ وڵاتدا،کاتێك وشکەسالّییەکی خراپ هەیە،ئەوە هەوڵ دەدەن باران دروست بکەن.بە فڕۆکە ماددەی کیمیایی دەکەن بەسەر هەورەکان.کاتێك ماددەی کیمیاییەکان دەکەونە سەر هەورەکان،ئەوە هەندێجار ماددە کیمیاییەکان باران دروست دەکەن.بەڵام یەکەمجار،پێویستت بە هەورە،و بەزۆری هەور لە ئاسماندا نیە.هەروەها،ئەم کارە گران بەهایە (واتە پارەی زۆر دەوێت) و هەمیشە سەرکەوتو نابێت.

ماددە کیمیاییەکان دەکەونە نێو هەوردکانەوە و دەبنە هۆی بارانبارین

Fresh water from the sea

You can, of course, take the salt out of sea water. This is not a new idea; it is more than fifty years old. It needed a large factory. Salt water from the sea goes in and fresh water comes out. The salt goes back into the sea. There are about 7,500 of these factories in the world today and people are building more in many countries.

ئاوی سازگار لە دەریاوە

بەدڵنیاییەوە دەتوانیت خوێ لە ئاوی دەریا بهێنیتە دەرەوە.ئەمە بیرۆکەیەکی نوێ نیە، ئەم بیرۆکەیە زیاد لە پەنجا ساڵ کۆن دەبێت.ئەمەش پێویستی بە کارگەیەکی فراوان هەیە.ئاوی سوێری دەریا دەچێتە ژورەوە و ئاوی سازگار دێتە دەرەوە.خوێ یەکە دەگەڕێتەوە بۆ نێو دەریاکە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ نزیکەی ٧,٥٠٠ کارگەی لەم شێوەیە هەیە لە جیهاندا و خەڵکیش لە زۆر وڵاتدا کارگەی زیاتری ئاوی سازگار دروست دەکەن.

There are a lot of them in north African countries, but 60% are in the Middle East – a quarter of them in Saudi Arabia. Saudi Arabia has the biggest factory; it can make 580,000,000 litres of fresh water every day.

70% of the country's fresh water comes from these factories.

کارگەیەکی زۆری بەرهەمهێنانی ئاوی سازگار هەن لە وڵاتەکانی ئەفریقای باکور،بەڵام ٦٠٪ی کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئاوی پاك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە — چارەکێکیان لە وڵاتی سعودیێیە.وڵاتی سعودیە گەورەترین کارگەی هەیە کە دەتوانێت هەموو ڕۆژێك ٥٨٠,٠٠٠,٠٠٠ لتر ئاوی سازگار بەرهەم بهێنێت. ٧٠٪ی ئاوی پاکی وڵاتەکە لەم کارگانەوە دێت.

Australia has plans for a big, new factory too. It will make 500,000,000 litres of fresh water a day. It is expensive, but in some countries it is a good answer to the problem. The best answer for all of us is, of course: use your fresh water carefully.

ئوستڕالیا پلانی هەیە بۆ کارگەیەکی گەورەو نوێ. ئەو کارگەیە ٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠ لتر ئاوی سازگار دابین دەکات لە ڕۆژێکدا. ئەم کارە گران بەهایە،بەڵام لە هەندێ وڵاتدا چارەسەرێکی باشە بۆ کێشەی ئاوی پاك.باشترین وەڵام بۆ هەموومان بەدڵنیاییەوە ئەوەیە: بەوریاییەوە ئاوە سازگارەکەت بەکاربهێنە.

Chapter 6
What can we do?

We have to use our fresh water more carefully – all of us. But who uses most of the water? Nearly three quarters of the people in the world have water only from rivers and wells. Many people in Africa and Asia have only 10 litres of water each day. Five thousand children die every day in the world because their water carries diseases.

بەشی شەشەم

دەتوانین چی بکەین؟

پێویستە هەموومان وریاتر ئاوە سازگارەکەمان بەکاربهێنین.بەڵام کێ ئاوێکی زۆر بەکاردەهێنێت؟ نزیکەی سێ چارەکی خەڵکی جیهان تەنها لە ڕوبارەکان و بیرەکان ئاویان دەست دەکەوێت.زۆربەی خەڵکی لە ئەفریقاو ئاسیادا لە ڕۆژێکدا تەنها ١٠ لتر ئاویان هەیە. هەموو ڕۆژێك پێنج هەزار منداڵ دەمرن لە جیهاندا چونکە ئاوی خواردنەوەیان نەخۆشی تێدایە.

In the United Kingdom, each person drinks and cooks with about three litres of water, but they also use 60 litres or more for baths and clean clothes. Fifty litres go down the toilet every day. Britons wash their cars and water their gardens, all with good, clean water. Each person uses more than 140 litres every day. Water use is about the same in other European countries.

لە شانشینی یەگگرتوو،هەر کەسێك نزیکەی سێ لتر ئاو دەخواتەوە یان بۆ چێشت بەکاری دەهێنێت،بەڵام هەروەها ئەو خەڵکە ٦٠ لتر یان زیاتر بەکاردەهێنن بۆ خۆشوشتن و جل شوشتن.هەموو ڕۆژێك پەنجا لتر ئاو دەچێتە ناو توالێتەوە.بڕیتانییەکان ئۆتۆمبیل و باخچەکانیان هەموو بە ئاوی باش و پاك دەشۆن. هەموو ڕۆژێك هەر کەسێك زیاد لە ١٤٠ لتر ئاو بەکاردەهێنێت.بەکارهێنانی ئاو لە وڵاتە ئەوروپییەکانی تر تاڕادەیەکی زۆر هەمان شتە.

Americans use more. Each man and woman in the United States uses about 200 litres every day, half of it in the bathroom. Rich people in California use more. A lot of them swim in fresh water in their gardens' pools. But in the

United States there are also about 4,000,000 people without clean water in their homes.

ئەمەریکییەکان ئاوی زیاتر بەکاردەهێنن.هەموو ڕۆژێك هەر پیاو و ئافرەتێك لە ویلایەتە یەگگرتوەکان نزیکەی ٢٠٠ لتر ئاو بەکاردەهێنێت،نیوەی ئەو ئاوە لە گەرماو بەکاری دەهێنن. خەڵکە دەوڵەمەندەکانی کالیفۆرنیا ئاوی زیاتر بەکاردەهێنن. ڕێژەیەکی زۆری ئەو دەوڵەمەندانە لە ئاوی سازگار مەلە دەکەن لەناو مەلەوانگەی باخچەکانیان. بەڵام هەروەها لە ویلایەتە یەکگرتوەکان نزیکەی چوار ملیۆن (٤,٠٠٠,٠٠٠) هاوڵاتی ئاوی پاکیان نیە لە ماڵەکانیاندا.

In Australia most people live in the big cities near the sea. They use 200 litres of water every day too. But there are droughts every year. The farms have no water, and the problem is getting worse.

لە ئوستڕالیادا زۆربەی خەڵکی لە شارە گەورەکانی نزیك دەریاوە دەژین.هەموو ڕۆژێك ٢٠٠ لتر ئاو بەکاردەهێنن.بەڵام هەموو ساڵێك وشکەساڵی هەیە لە ئوستڕالیا.کێڵگەکان هیچ ئاویان نیە،و کێشەکە وا خراپتر دەبێت.

The problem of farms

We use more water on farms and in factories than in our homes – a lot more. Every day there are about 220,000 more people on earth, and they all need water. But they also need food, and this food comes from farms – from plants and from animals (for meat and milk). Without water, these plants and animals will die. Usually, most of this water comes from rain. But rainfall can, of course, be a big problem.

کێشەی کێڵگەکان

ئاوێکی زۆر و زیاتر بەکاردەهێنین لە کێڵگەو گارگەکان لەچاو ئەو ئاوەی لە ماڵەکانمان بەکاری دەهێنین.هەموو ڕۆژێك نزیکەی ٢٢٠,٠٠٠ خەڵکی هەن لەسەر زەوی،و هەموشیان ئاویان پێویستە.بەڵام هەروەها خواردنیشیان پێویستە،و ئەم خۆراکەش لە کێڵگەکانەوە دێت — لە ڕووەك و ئاژەڵانەوە (واتە گۆشت و شیری ئاژەڵەکان).بەبێ ئاو،ئەم ڕووەك و ئاژەڵانە دەمرن.زۆربەی کات،زۆربەی ئەم ئاوە لە بارانەوە دێت.بەڵام بەدڵنیاییەوە،بارانبارین دەکرێت کێشەیەکی گەورە بێت.

Too much rain causes floods; then plants and sometimes animals die. In a drought, the ground gets very dry. Then too, plants and animals sometimes die. Some countries have a lot of rain, but they use only about 10% of it. The other 90% got back into the ground, the air or the sea. Other countries have very little rain, and farming is only possible near rivers.

بارانی زۆر دەبێتەهۆی لافاو،ئینجا ڕووەکەکان و هەندێجاریش ئاژەڵان لەناو دەچن.لە وشکەسالێدا،زەوی زۆر وشك دەبێت.پاشان ڕووەکەکان و هەندێجار ئاژەڵانیش دەمرن و لەناو دەچن.هەندێ ولآت بارانی زۆرە،بەڵام تەنها ١٠٪ی ئەو بارانە بەکاردەهێنن. ٩٠٪ەکەی تر دەچێتەوە ژێر زەوی و ناو هەوا یان دەریا.ولآتانی تر بارانێکی زۆر کەمیان هەیە،و کشتوکاڵکردن تەنها لە نزیك ڕوبارەکانەوە گونجاوە.

So all over the world, when the weather is dry, farms take water from rivers and lakes. They water their fruit and vegetables and also give it to their animals. In most countries they also pump up a lot of ground water and put it on their land. In this way the plants stay green and the people in the cities get their food.

کەواتە لە هەموو جیهاندا،کاتێك کەش و هەوا وشکە،کێڵگەکان لە ڕووبار و دەریاچەکانەوە ئاو وەردەگرن.جوتیارەکان ئاوی میوەو سەوزەکانیان دەدەن و هەروەها ئاو بە ئاژەڵەکانیشیان دەدەن.لە زۆربەی وڵاتاندا خەڵکی بڕێکی زۆری ئاوی ژێر زەوی بە پەمپ دەهێننە دەرەوە و ئاوەکە بەکاردەهێنن بۆ زەوییەکانیان.بەم شێوەیە ڕووەکەکان بە سەوزی دەمێننەوە و خەڵکیش لە شارەکاندا خۆراکەکانیان دەکڕن.

But what happens then to the rivers and the ground water? Some rivers are dry. In some places wells are dry too. One day, perhaps, there will be no ground water in some countries.

بەڵام دوای ئەوە چی بەسەر ڕووبارەکان و ئاوی ژێر زەوی دێت؟ هەندێ ڕووبار وشك دەبن.لە هەندێ شوێندا بیرەکانیش وشك دەبن.لەوانەیە ڕۆژێك بێت ئاوی ژێر زەوی نەمێنێت لە هەندێ وڵاتدا.

Dry rivers and lakes

In Asia, between Kazakhstan and Uzbekistan, there are two great rivers: the Amu Darya and Syr Darya. In 1918, the Russians started to take water from them and make farmland. The farms were very big and a lot of food came

from them. But the two rivers ran into the Aral Sea, a great lake. 35,000,000 people lived round the lake. 10,000 people caught fish in it. 3% of the fish in Russian shops came from the Aral Sea.

ڕوبار و دەریاچە وشکەکان

لە کیشوەری ئاسیا لەنێوان وڵاتی کازاخستان و ئۆزباکستان،دوو ڕوباری مەزن هەن ئەوانیش: ڕوباری ئامو دەریا و ڕوباری سیر دەریا.لەساڵی ١٩١٨،ڕوسەکان دەستیان کرد بە بردنی ئاوی ئەو دوو ڕوبارە و زەوی کشتوکاڵییان بە ئاوی ئەو دوو ڕوبارە دروستکرد. کێڵگەکان زۆر گەورە بون و بڕێکی زۆر خۆراکیان بەرهەم هێنا.بەڵام ئاوی هەردو ڕوبارەکە ڕۆشتە نێو دەریای ئاراڵ کە دەریاچەیەکی مەزنە. ٣٥,٠٠٠,٠٠٠ کەس لە دەوروبەری دەریاچەکە دەژیان. ١٠,٠٠٠ کەسیش ڕاوەماسیان دەکرد لە دەریاچەکە.٣٪ی ئەو ماسیانەی لە دوکانە ڕوسییەکان هەبوو لە دەریای ئارالەوە دەهات.

Forty years later, the Aral Sea was nearly dry. Most of the water from the rivers didn't arrive there. The Aral Sea is now a very small lake and the boats sit on dry land.

پاش چل ساڵ،دەریای ئاراڵ بەرێژەیەکی زۆر وشك بوو.زۆربەی ئاوی دوو ڕوبارەکە نەگەیشت بە دەریای ئاراڵ.دەریای ئاراڵ ئێستاکە دەریاچەیەکی زۆر بچوکەو بەلەمەکان لەسەر زەوییە وشکەکە کەوتون.

When the Aral Sea dried, people there had no work. Their boats were many kilometres from the water. The water and the land were also very salty, and many people got ill. Today, there is a new dam across one end of the Aral Sea. The lake is getting bigger, and there are fish in it again. But it is smaller than it was.

کاتێك دەریای ئاراڵ وشك بوو،خەڵکەکەی توشی بێکاری بون.بەلەمەکانیان چەندین کیلۆمەتر لە ئاوەکەوە دور بون. ئاوەکە و خاکەکەش زۆر سوێر بون،و خەڵکێکی زۆر نەخۆش کەوتن. ئەمڕۆ، بەنداوێکی نوێ لەمپەڕ بۆ ئەو پەڕی کۆتاییەکی دەریای ئاراڵ هەیە.دەریاچەکە گەورەتر دەبێت،و دوبارە ماسی تێدایە. بەڵام ئێستا دەریاچەکە لەچاو جاران بچوکترە.

دەریای زەرد وشک بووە.

There are problems with river water everywhere. The Yellow River is more than 4,800 kilometres long and it runs across China. A lot of farmers take water from it. Cities and factories also take water from it. In 1972, the river didn't arrive at the sea. It was dry.

لەهەموو شوێنێك كێشەی ئاوی ڕووبار هەیە.ڕووباری زەرد زیاد لە ٤,٨٠٠ كیلۆمەتر درێژەو لەمپەڕ بۆ ئەوپەڕی وڵاتی چین دەڕوات. جوتیارێكی زۆر ئاو لە ڕووباری زەرد بەكاردەهێنن. شارەكان و كارگەكانیش ئاوی ڕووباری زەرد بەكاردەهێنن.لەساڵی ١٩٧٢،ڕووباری زەرد نەگەیشتە دەریا و وشك بوو.

In California, in the United States, 25,000,000 people take water from the great Colorado River for their cities, factories and farms. Now very little water arrives in Mexico. The river is nearly dry.

لە کالیفۆرنیا لە ویلایەتە یەگگرتوەکان، ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ کەس لە ڕووباری مەزنی کۆلۆرادۆ ئاو بەکاردەهێنن بۆ شار و کارگەو کێڵگەکانیان.ئێستا ئاوێکی زۆر کەم دەگاتە مەکسیك.ڕووبارەکە بەڕێژەیەکی زۆر وشك بوە.

The problem of factories

Factories also cause problems. People need food and water, but they also need houses, clothes, cars, computers, papers and televisions. Factories make these, and factories use a lot of fresh water. They use 450,000 litres of water for a family car, and 400 litres for one kilo of paper. About 22% of the world's fresh water goes into factories. In the richer countries, it is more than half.

کێشەی کارگەکان

کارگەکانیش دەبنەهۆی کێشە.خەڵکی پێویستیان بە خۆراك و ئاو هەیە،بەڵام هەروەها پێویستیان بە ماڵ و جل و بەرگ و ئۆتۆمبیل و کاغەز و تەلەفزیۆنیش هەیە.کارگەکان ئەمانە دروست دەکەن،هەروەها

کارگەکان بڕێکی زۆر ئاوی سازگار بەکاردەهێنن. کارگەکان ٤٥٠,٠٠٠ لتر ئاو بەکاردەهێنن بۆ ئۆتۆمبیلێکی خێزانی،و ٤٠٠ لتر ئاویش بۆ یەك کیلۆ کاغەز بەکاردەهێنن. نزیکەی ٢٢٪ی ئاوی سازگاری جیهان دەڕواتە کارگەکانەوە.ئەم ڕێژەیە زیاد لە نیوەیە لە ولاتە دەوڵەمەندترەکان.

A lot of the water runs out of the factories again, into rivers and the sea. Often this water is then dangerously dirty. It can pollute river and sea water and kill the fish in hours.

بڕێکی زۆری ئاوەکە دوبارە لە کارگەکان دەڕۆنەوە نێو ڕوبار و دەریاکان.بەزۆری ئەم ئاوە بەشێوەیەکی مەترسیدار پیسە.ئەو ئاوە دەتوانێت ئاوی ڕوبار و دەریا پیس بکات و بە چەند کاتژمێرێك ماسی ناو ڕوبار و دەریاکە بکوژێت.

Factories can also pollute the air with their smoke. Rain from this dirty air is not clean. In many countries factories have to clean their smoke before it goes into the air. But not in all countries, and not all factories.

کارگەکان دەشتوانن هەوا پیس بکەن بەهۆی دوکەڵکانیانەوە.بارانیْ ئەم هەوا پیسە بارانێکی پاك نیە.لە زۆر ولاّتدا کارگەکان پێویستە دوکەڵکانیان پاك بکەنەوە پێش ئەوەی دوکەڵەکە بچێتە نێو هەواو تێکەڵ بە هەوا بێت. بەڵام نەك لە هەموو ولاّت و کارگەیەك.



Today, in most countries, factories also have to be careful with their water. They have to clean it before it goes into the ground or into a river. But mistakes and accidents happen all the time. We have to do better.

ئەمرۆ لە زۆربەی ولاّتاندا کارگەکان دەبێت ئاگاداری ئاوەکانیان بن.پێویستە ئاوەکەیان پاك بکەنەوە پێش ئەوەی ئەو ئاوە بچێتە ژێر زەوی

یان نێو ڕوبارەوە.بەڵام هەموو جارێك هەڵە و کارەسات ڕوودەدات.بۆیە دەبێت کاری باشتر ئەنجام بدەین.

Pollution everywhere

But in most countries the bigger problem with pollution is from farms. The farmers put a lot of chemicals on the land. These chemicals make the plants bigger and stronger, and people have more food. But the chemicals go down into the ground water. The rain also washes the chemicals into the rivers. They pollute the water and kill the fish. There are chemicals from farmland in 90% of the rivers in Europe.

پیس بونی ژینگە لە هەموو شوێنێکدا

بەڵام لە زۆربەی وڵاتاندا کێشە گەورەترەکەی پیس بونی ژینگە لە کێڵگەکانە.جوتیارەکان ماددەیەکی زۆری کیمیایی بۆ زەوی کشتوکاڵی بەکاردەهێنن.ئەم ماددە کیمیاییانە ڕووەکەکان گەورەتر و بەهێزتر دەکەن،و خەڵکیش خۆراکی زیاتریان دەست دەکەوێت.بەڵام ماددە کیمیاییەکان دەڕۆنە ژێر زەوی و تێکەڵ بە ئاوی ژێر زەوی دەبن.هەروەها باران ماددە کیمیاییەکان ڕادەماڵێت بۆ نێو ڕوبارەکان.ماددە کیمیاییەکان

ئاوەکە پیس دەکەن و ماسییەکانیش لەناو دەبەن.لە ئەورووپا لەناو ٩٠٪ی ڕووبارەکان ماددەی کیمیایی هەیە بەهۆی زەوی کشتوکاڵییەوە.



کارگە و کێڵگەکان دەبنەهۆی پیس بونی ئاوی ڕووبارو دەریاکان.لە ئەنجامدا ئاوی بارانەکە پاك نابێت

So that is one of the big problems. We need water every year, for our cities, our farms and our factories. But those cities, farms and factories all make the water too dirty.

کەواتە ئەوە یەکێکە لە کێشە گەورەکان.هەموو ساڵێك ئاومان پێویستە بۆ شارو کێڵگە و کارگەکانمان.بەڵام ئەو شار و کێڵگەو کارگانە هەموویان ئاوەکە زۆر پیس دەکەن.

Clean water for all

Everybody needs water. But some people have too much and most people have too little. We can make new lakes behind dams. We can pump up ground water and move it to our cities. We can take water from rivers and lakes for our farms. We can also get water from ice and sea water. It is difficult and expensive, but it is possible.

ئاوی پاك بۆ هەموان

هەموو کەس ئاوی پێویستە.بەڵام هەندێ خەڵك ئاوی پاکیان زۆرەو زۆربەی خەڵکیش بڕێکی کەم ئاوی پاکیان هەیە.دەتوانین لە پشتی بەنداوەکان دەریاچەی نوێ دروست بکەین.دەتوانین ئاوی ژێر زەوی بە پەمپ بهێنینە دەرەوە و بۆ شارەکانمان بیانگوازینەوە.دەتوانین لە ڕوبار و دەریاچەکان ئاو وەربگرین بۆ کێڵگەکانمان.هەروەها دەتوانین لە سەهۆڵ و ئاوی دەریا ئاو بەدەست بهێنین.ئەمەش سەختە و تێچونی زۆرە،بەڵام گونجاوە.

But people in rich countries have to think hard about their use of water. They have to stop polluting rivers, ground water and the seas. They have to use their clean water more

carefully. And they have to help people without clean water in other countries.

بەڵام خەڵکی لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان پێویستە بەتەواوی و وریاییەوە بیر بکەنەوە لە شێوازی بەکارهێنانی ئاو.ئەو خەڵکانە دەبێت بوەستن لە پیس کردنی ڕوبارەکان و ئاوی ژێر زەوی و دەریاکان.پێویستە ئاوە پاکەکەیان وریاتر بەکاربهێنن.وە پێویستە یارمەتی ئەو خەڵکانەش بدەن لە وڵاتەکانی تر کە ئاوی پاکیان نیە.

What can we do? How can we help?

We can think about our use of water every day. We need to think when we cook. We need to think when we wash. We have to think about those people in the world without clean water – and about the future for our children's children.

دەتوانین چی بکەین؟ چۆن دەتوانین یارمەتی پێشکەش بکەین؟

هەموو ڕۆژێك دەتوانین بیر بکەینەوە لە بەکارهێنانی ئاوەکەمان.پێویستە بیر بکەینەوە کاتێك چێشت لێدەنێین.پێویستە بیر بکەینەوە کاتێك خەریکی شوشتنین.پێویستە بیر بکەینەوە لەو خەڵکانەی ئاوی پاکیان نیە لە جیهاندا — و بیر لە داهاتوو بکەینەوە بۆ نەوەی نەوەکانمان.

World plans for the future

Every year, 22 March is World Water Day. This began in 1992 in Rio de Janeiro at a big meeting of the United Nations. That year, people from every country in the world met and discussed plans for the future. How could we make the world a better place? Every year on 22 March, each country makes new plans for cleaner water for more of their people. They want to help the 1,000,000,000 people in the world without clean water – before it is too late.

پلانەکانی جیهان بۆ داهاتوو

هەموو ساڵێك، ٢٢ی ئازار ڕۆژی جیهانی ئاوە.ئەمەش لە ساڵی ١٩٩٢ لە (ریۆ دی جانەیرۆ) دەستپێکرد لە چاوپێکەوتنێکی گەورەی نەتەوە یەگگرتوەکان. لەو ساڵەدا،خەڵکی لە هەموو وڵاتێکی جیهانەوە چاویان بەیەکتری کەوت و تاوتوێی پلانەکانیان کرد بۆ داهاتوو.چۆن بتوانین جیهان بکەینە شوێنێکی باشتر؟ هەموو ساڵێك لە ٢٢ ی ئازار،هەر وڵاتێك پلانی نوێ دادەنێت بۆ ئاوی پاکتر بۆ زۆرێك لە دانیشتوانەکەی.ئەو وڵاتانە دەیانەوێت پێش ئەوەی کات درەنگ بێت یارمەتی ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ خەڵکی جیهان بدەن کە ئاوی پاکیان نیە.